# نەوەی ئەمرۆ بە لۆژیك و عەقڵەوە دەتوانن شوێنگەیەك بۆ خۆیان لە كۆمەڵگادا بدۆزنەوە

ئەرسەلان مەحمود
Amk974@yahoo.com



بەشێكی زۆری نەوەی ئەمڕۆ ( نەوەی دوای ڕاپەڕین ) نیگەران و توڕەن..بە گومان و دڕدۆنگیەكی بێئامانەوە بۆ ژین و لە ژیان دەڕوانن..گوێ بە لۆژیك و واتای تەندروست نادەن..تاكێكی تەنگەتاو و هەڵگری كۆمەڵێ گووتەی سەیرو سەمەرەی خەیاڵین..

خەیاڵی لە ڕووی ئینتیما بۆ تاكگەرایی و خۆدۆزینەوە..دەدوێن و بێپەروا دەست لە بەهاو دەستكەوتە نیشتیمانی و نەتەوەییەكان دەوەشێنن..بایەخێك بۆ مێژووی سیاسی و شۆڕشگێڕی ، تەنانەت ئەو ڕێسا كولتوری و كۆمەڵایەتیە نەنوسراوەش دانانێن كە كۆمەڵی كوردەواریمانی پێدەناسرێتەوە..

بێگومان لەواقیعدا زۆرینەی نەوەیەكی بێچارەو داماوون ، توانای كۆنتڕۆڵكردنی خۆیان و خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەرو واقیعی كۆمەڵگاكەیاندا نییە..

هەڵچونی خولیاو حەزەكانیان بەجۆرێ كەڕو كوێری كردوون، پێیانوایە تەنها بە ڕەتكردنەوەی بەها ئاكاری و عورفە كۆمەڵایەتیەكانی كۆمەڵگاكەیان و ڕەتكردنەوەی ئەوەی بەدەستهاتوون، دەتوانن بوونی خۆیان دەربخەن و بسەلمێنن..دەبینن توانای تێركردن و دابینكردنی پێداویستیەكانیان نیە ، خۆیان لە پەراوێزدا دەبینن ، هەست و سۆزو خۆبەبەرپرسیارێتی زانین لەناخی خۆیاندا دەكوژن و بەم پەرچەكردارە دەرونیە ناتەندروستەش، واتێدەگەن خۆیان لەدەست هەستكردن بەلاوازی ڕەها ڕزگار كردوە..بۆ خاڵیكردنەوەی هەستی خۆ بەكەم زانین ( كەسێك یان تاك و كۆمەڵ و لایەنێك ... ) دەكەنە قوربانی و ڕەخنە ڕێژو لۆمەیەكی بێئامان و بێبنەمای دەكەن ، لەبەرامبەریشدا خۆیان بەڕاستدادەنێن و شێلگیرانەش پێ لەسەر گووتە سەیرو سەمەرەكانیان دادەگرن و دەیانەوێت بەهەر شێوەو شێوازێك بێت ، ئەو شەڕو نابەرامبەری و بێهیوابوونەی ناخیانی داگیركردوە بسڕنەوە..

بێگومان بەوتێگەیشتنە ، لەبنەڕەتدا بۆ قۆناغی داهاتوو، خۆیان بەر لەهەرشتێك دەبنە قوربانی ژێركاریگەریە نابابەتیەكان ، چونكە بەدەربڕینی وەهمی و خستنەوەی گوتاری نالۆژیكی و دوور لە دەربڕین و خوێندنەوەی عەقڵانە ، خراپەكاریی و گەندەڵیە كارگێڕیەكان ، بێ مافی و نابەرابەریەكان ، ئاكارو عورفە تەقلیدییە شێوێندراوەكان و زۆر گرفت و گرێ و گۆڵەی تر بنەبڕناكرێن و ئەم جۆرە سەرچیخ چون وعەفەوییە نایانگەیەنێتە لێوی ئارەزووەكان..نارۆشنی و دەستنیشان نەكردنی دیاردەو دەركەوتەكان ، نەكردنی مامەڵەیەكی ژیرانە لەتەكیاندا ، یان هەر جۆرە دوودڵی نواندنێك ، لەڕاستی و دروستی ئەو هەستانە ، بێگومان مایەی پەسندكردن نابن .. چونكە نەوەی ئەمڕۆش وەك ئەوانەی دوێنێ دەبێ نەوەیەكی دەستەبژێری لانی كەمی سەردەمی خۆیانبن ، تێبگەن ئەوانیش لەپێناو هێنانەدی ئامانجە گرنگە نەهاتووەدیەكان هاتوونە بوون ..

كەنارگرتوویی و كشان بەرەو دەمارگیری و یاخی بوونی بێهودە ، هیچ ئومێدێكی تیادا سەوز نابێت..بەومانایەی نابێ گومان لە پێشكەوتنی پلە بەپلەی پێویست بكرێت و پێویستە بزانرێت توانستەكان سنوردارن و تەنانەت تارادەیەك بەرهەمی هەلومەرجە سەپێنراوەكانیشن ، هەربۆیەش پێویستدەكات مامەڵەیەكی ژیرانەترو پڕ جەوهەری تر لەگەڵ ئەو دەستەڵات و كۆمەڵگایەبكەن كە پێیان وایە گرنگی بەوان نادات و خستونیە ژێر فشارو كاریگەری جەستەیی و باری نالەباری دەروونیەوە.

پێویستەبزانن كە نەوەی میللەتێكی دەیان ملیۆنینن و لەسەرسنگی خاكێك دەژین ، سەدان ساڵە پارچەپارچەكراوە ، باق و بریقی دروشمە ئایدۆلۆژیەكان و خەیاڵاتی كۆپیكردنی دنیای دەرەوە ، هەروا كارو كردەوەیەكی لەپراكتیكدا ساناو عەفەوی و لەكرانهاتوو نیە..هیچكاتێك كۆمۆنیستەكان هەروەك چۆن ئیسلامیەكانیش نەبوون و نەهاتوون شۆڕش و بزوتنەوەی كوردایەتی بەرپابكەن و پێشی بخەن ، ڕاستە ئەوانەی ڕێبەرایەتی شۆڕش و جوڵانەوەی كوردایەتیان كردوە ، لەزاناو قازی و دیندارە ناسراوەكانی وەك ( شێخ عوبیدولای نەهری و قازی مەحمەد و شێخ عەبدوسەلامی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفیدو شێخ سەعیدی پیران و ژنراڵ ئیحسان نوری و ژنراڵ مەلا مستەفای بارزانی نەمر ) و چەندانی تربوون ، بەڵام ئەوانە تێكڕایان لەو

ڕابەرە دڵسۆزو دیندارانە بوون کە باوەڕی نەگۆڕو بنەڕەتییان بە کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری هەبووە و لەو پێناوەشدا هەموو گیان و تەمەنی خۆیان بەخشیوەتە ئەو ڕێگایە..

ئەوە ڕاستیەکی مێژووییەو تائێستا نە لە (باکور) نەلە ( باشور) نە (خۆرهەڵات ) و نە لە( خۆرئاوا ) پارتێکی شیوعی یان کۆمۆنیستی یان ئیسلامی ( عیراقی ، ئێرانی ، تورکی ، سوری و...) نەك هەر ئەوەیان نەکردوە ، ئێستاشی لەگەڵدابێت ، تەنانەت لەگەڵ یەکبوونەوەی پارچەکانی کوردستاندانین و گەرەکیانە بۆ پایەدارکردنی کۆمەڵگای ئیسلامی و باڵاکردنی ئایدۆلۆژیا پەرستی ، ووزەو تواناکانی نەوە لەدوای نەوەکانمان بەخۆیانەوە سەرقاڵ و بەهەدەر بدەن .. کەوابوو بەشێکی زۆر لەنەوەی ئەمڕۆ هۆگری چجۆرە بزاوت و پارتێکی ئیسلامی و ئایدۆلۆژیا پەرستی بوون و چۆنیان دەیانناسن ، بلێی تەفسیری کوردبوون و مرڤدۆستی و یەکسانی و برایەتی و پێکەوە ژیان و پێشخستنی بوارە ژیاریەکان و گونجاندنیان لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا چۆن و بەچشێوەیەك بکەن و چیەکیان لەساڕێژکردنی برینەکانمان پێبێت ؟!..

لەسەر کوردو نەوەی ئەمڕۆ نیە دووبارەو چەند بارە ئیسلام بە ( عەرەب و تورك و فارس ) بناسێنینەوە، ئەوان لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە ، ئاینیان وەك چەکێك بۆ زەوتکردنی مافی میللەتان و بەتایبەتیش ئێمەی کورد ئیستغلال و بەکاربردوە و چەپەکانیش لەسەردەمی کاڵبوونەوەی ئایدۆلۆژیادا ، چیەکیان نەماوە دەرخواردمانبدەن ..

نەوەی ئەمڕۆ ، پێویستە دژ بەم زێدەڕەوی وخۆ بەکەمگرتنە بێت و بەرەیەکی هاوبەش( بەرەچاوکردنی مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان ) بۆ دیاریکردنی چارەنوسی تاك بەتایبەتی و دوا ڕۆژی خۆیان بەگشتی پێکبهێنن ، زیادەڕەوی ئایدۆلۆژی جگە لە ئیرەیی بردن وناکامی چیتری لێناکەوێتەوە و هەرچییەك بکەین ، پێمان ناکرێ خەڵکی لە ڕووی ئامادەگییانەوە یەکسان بکەین، بەڵام دەتوانرێ کۆمەك و هاوکارو پشتیوانی یەکتربکەین..نەوەی ئەمڕۆ ، تەنها بەهۆی لۆژیك و عەقڵەوە دەتوانن شوێنگەیەك بۆ خۆیان لە کۆمەڵگادا بدۆزنەوە..